

رێگە نادەم خوشکم یان هاوسەرەکەم کارێک بکات کە خۆم حەزی لێناکەم!!

# ئایا تۆ ئازادی لە هەڵبژاردنی جۆری کارو پیشەکەت؟

ئا: بێگەرد حوسێن

_ ( نازەنین) ئافرەتێکی تەمەن (٤٠) ساڵانەو هەنووکە (٣) منداڵی هەیە، ئەو بەر لەوەی شوو بکات ئارایشگەیەکی جوانکاری ئافرەتانی هەبووە، وەك ئارەزوو و سەرچاوەیەك بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان بە پیشەی قژ برِین و جوانکاری ئافرەتانەوە خەریك بووە، بەڵام دوای ئەوەی دەچێتە نێو ژیانی هاوسەرییەوە رەوشەکە تەواو دەگۆڕێ، نازەنین دەڵێت: هەر مانگێك دواتر مێردەکەم داوای لێکردم کە واز لەو پیشەیە بێنم و وەك هەر ئافرەتێکی دیکە خۆم لە فەرمانگەیەکی دەوڵەت دابمەزرێنم، ( نازەنین) بەردەوام بوو وگوتی: چەندی لێی پاڕامەوە و تکاو نزام لێی کرد هەمووی بێ سوود بوو بۆیە بەناچاری ئارایشگاکەم فرۆشتەوەو، ئەویش چەند مانگێك پاشتر لە فەرمانگەیەك لای بەڕێوەبەرێکی خزمی دایمەزراندم و ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر بەوکارەوە خەریکم، بۆیە نازەنین پێی وایە ئافرەت بەهیچ شێوەیەك ئازاد نیە لە جۆری کارکردن، بەڵکە پێویستە ئەو کارە هەڵبژێرێ کە مێرد یان باوك و براو کۆمەڵگە پێیان ئاساییە، نازەنین باسی لەوەش کرد زۆرن ژمارەی ئەو ئافرەتانەی نەك هەر تەنها ئازادنین لە هەڵبژاردنی پیشەیەك بەڵکو رێگەی ئیش کردنیشیان پێنادرێت، هەروەها گوتی: کارکردن لە بواری راگەیاندن و ئارایشگاو (سکرتێرە) یان هەر کارێکی دیکەی سەربەخۆ، ئەو بوارانەن کە سانسۆری کۆمەڵگەیان لەسەرەو دەوروبەر رێگە نادات ئافرەت لێیان نزیك بێتەوە.

- بە بڕوای (شەیما عەبدولرەحمان)ی فەرمانبەر، بەشی هەرەزۆری خواست و حەزەکانی ئافرەت لەو وڵاتەدا لە قالب دراوە، نابێ کچان لەو قالبە بچنە دەرەوە، ئەگەر نا دەیان ناوو ناتۆرە چاوەڕێیان دەکات! (شەیما) ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە هەر کارو پیشەیەك بۆ ئافرەت بڕەخسێ ئەوا دەبێ سەرەتا رەزامەندی خێزانەکەی لەسەر بدرێ ئینجا بۆی هەیە ئەو کارە بکات، ئەو گوتیشی: زۆرم پێ سەیرە کاتێك لە کۆمەڵگەی ئێمەدا باس لە پێشکەوتن و مەدەنییەت دەکرێ کەچی کچان و ژنان دەچەوسێندرێنەوە و زۆر لە ئازادییەکانیان لێ زەوت کراوە لە پێش هەمووشیانەوە ئازادی کارکردن، (شەیما) هەر لەمیانی ئەو باسەدا تەجرەبەی ژیانی خۆی بە نموونە هێنایەوە کاتێك گوتی: من زۆرم حەز لە خوێندن بوو دەمویست بەردەوام بم، بەڵام بە هۆی باری تەندروستیمەوە نەمتوانی بەردەوام بم، دواتر ماڵەوەمان بە ئارەزووی خۆیان ئەو کارەیان بۆ دیار کردم کە ئێستا پێوەی خەریکم.

- (گوڵە محەمەد) یش کچێکی فەرمانبەرە، بەویستی کەسانی دیکە نەك حەزو ئارەزووی خۆی ئەو کارەی هەڵبژاردووە، ئەو دەڵێت: حەزی خوێندن و گەیشتن بە بەرزترین پلەی بڕوانامە هەموو ژیانمی داگیر کردبوو، دەمویست ئەو کارەکتەرەم لێ دروست بێ کە خۆم دەمەوێ نەك دەوروبەر، بەڵام بەداخەوە ماڵەوە ئەو حەزەیان لە گۆڕنام و داهاتوو و چارەنووسیان گۆڕیم، (گوڵە) گوتیشی: من ئاگاداری هیچ نەبووم کە مامەڵەی دامەزراندنیان بۆ کردم و لەو فەرمانگەیە دایانمەزراندم، لەراستیدا حەز لە فەرمانبەری ناکەم چونکە هەمووی رۆتین و دووبارە بوونەوەیە زیادەیەك ناخاتە سەر کەسایەتیت، هیوادارم چی دیکە دایك و باوك و براو کۆمەڵگە بەگشتی، رێگری لە بەردەم کچان و ژنان دروست نەکەن، چونکە گەر بمانەوێ ئافرەتیش وەك پیاو توخمێکی کاریگەرو بەسوودی کۆمەڵ بێ پێویستە واری پێبدەین بە کەیفی خۆی پیشەکەی هەڵبژێرێ.

- لەروانگەی (ئارەزوو محەمەد) ی قوتابیش ئافرەت لە رێگەی

**کۆمەڵناسێک: ناچارکردنی ئافرەت بە ئەنجامدانی پیشەیەک دوور لەویستی خۆی ئاسەواری خراپ لەسەر کەسایەتی و توانای جێدەهێڵێ**

**ئافرەت ئازاد نیە لە هەڵبژاردنی جۆری کارەکەی، بەڵکو دەبێ ئەو کارە هەڵبژێرێ کە مێرد یان باوک و برا بۆی دیار دەکەن**

**■ کارکردن و جۆری پیشەی مرۆڤ، بەشێکن لە کەسایەتی تاك و ،گیان و ئامادەگی ئەو لە نێو کۆمەڵدا رەنگرێژ دەکەن، هەر بۆیە گەر بمانەوێ تاك سەرکەوتوو و ئاسوودە بێ لەو کارەی ئەنجامی دەدات زۆر گرنگە هەوڵبدرێ بە ویست و ئارەزووی خۆی پیشەکەی هەڵبژێرێ، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وەك زۆرێك لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان، پیاوان لەم رووەوە تا رادەیەك ئازادن، هەر کاتێك بیانەوێ یان گەر بێزاربوون لە پیشەیەك دەتوانن بیگۆڕن و بچنە سەر پیشەیەکی دیکە، وەلێ ئەوەی لەبەرەی دووەمی هاوکێشەکەدا هەستی پێدەکرێت ئافرەتە، دەبینین پێوادنگ و رێساکان تەواو جیاوازە، چونکە تا ئێستاش کەسانێك هەن بەبڕوبیانووی نامەنتیقی نەك هەر**



گفتوگۆ و هەڵسوکەوتی شیاوەوە دەتوانێ قەناعەت بە خێزانەکەی بێنێ ئەو پیشەیە بکات کە حەزی لێیەتی، ئەو گوتیشی: راستە ئەو بەربەست و سانسۆرانە زۆر بە توندی لە نێوەندی خێزان و کۆمەڵدا هەن، بەڵام کاتێك کچ توانی وا بکات ببێتە مایەی متمانەی خێزانەکەی ئەوا ئەوانیش چیدیکە بەربەستی بۆ دروست ناکەن.

**لێناگەڕێن ئافرەت ئازادانە جۆری کارەکەی هەڵبژێرێ، بەڵکو رێگریــش دەکەن لەکارکردنی ژنان و تێکەڵاو بوونیان بە ژیانی گشــتی، لەوانەیە ئەم رەوشە لەم چەند ساڵەی دواییدا کەمێك گۆڕانی بەســەردا هاتبێت، بەڵام نــەك بەرێژەیەکی بەرچاو، بۆیە مەبەســتمانە بپرســین، ئەو ئافرەتانەی ئێســتا لە بوارە جیاجیاکان کاردەکەن تاچەند بە ئارەزووی خۆیان پیشــەکەیان هەڵبژاردووە؟ دەوروبەرو خێزان تا چ ئاستێك کاریگەریان هەبووە لــە هەڵبژاردنی ئــەو کارەی دەیکەن؟ گەر ئــەو ئازادییە بە ئافرەت نەدرێت چ کاریگەرییەکی دەبێ لەســەر کەسایەتی و توانــاو ئەدای کارکردنیان؟**



(ئارەزوو) لەگەڵ ئەوەی ئێستا بەویستی خۆی وەك پەیامنێر لە دەزگایەکی راگەیاندن کار دەکات، بەڵام پێی وایە بەشی هەرەزۆری کارو پیشەی ئافرەتی کورد بە ئارەزووی خۆی نیە، ئارەزوو دەڵێت: زۆر جار کچان تەنها لەبەر ئەوەی پیاو حەزی لە ئافرەتی مامۆستایە ئەو کارە دەکەنە پیشەی خۆیان، بەڵام گوتی: ئەگەر ماڵەوە بە جۆری ئەو پیشەیە رازی نەبوون کە کچەکەیان دەیکات ئەوا پێویستە ئافرەت مل بۆ داواکارییەکەی ئەوان کەچ بکات دەنا دەکەوێتە بەر نەفرەت و توندوتیژی ئەوان.

- بەشی زۆری ئەو قسانەی لە دەمی ئافرەتانەوە گوێبیستی بووین، پیاوو کۆمەڵگەیان بە پێشێلکردنی ئەو مافە تۆمەتبار دەکرد،بۆیە ئەمجارە بابزانین پیاوان چی دەڵێن و ئەوان چۆن وەڵامی ئەو تۆمەتانە دەدەنەوە؟

- (هیچ کاتێك رێگە نادەم خوشکەکەم یان هاوسەرەکەم کارێك بکات کە خۆم حەزی لێناکەم!!)

-( هیدایەت رەسول) سەرباری ئەو قسانە ئەوەشی گوت: نابێ ئەوەندە ئازادی بە ئافرەت بدرێ خەڵك لێکدانەوەی بەرەڵایی بۆ بکات بۆیە هەرگیز ناهێڵم خوشکەکەم یان هاوسەرەکەم لە شوێنێك کار بکات کە خۆم حەزی لێنەکەم، یان نەزانم شوێنی کارەی تا چەند شیاوە بۆ ئافرەت و خەڵك چۆن سەیری دەکات!! هەر بە بڕوای (هیدایەت) پیاوان بۆیە ئەو رەفتارە دەنوێنن تا رووبەرووی گلەیی و لۆمەی خەڵکی نەبنەوە، چونکە بە قسەی ئەو ( لۆمەی خەڵك زۆر قورس و ناخۆشە ) هەروەها دەشڵێت: ئەگەر خوشکەکانم دامەزراندن دەبێ شوێن و جۆری کارەکەیان بۆ دەستنیشان بکەم، لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەشماندا ( هیدایەت) گوتی: هۆکاری ئەوە پەیوەندیی بە  کاریگەری کۆمەڵگە هەیە بەسەر تاکەکان و عورف و عاداتی ئێمەش ئەوە هەڵناگرێ ئافرەت هەموو شتێك بە دڵی خۆی بکات.

- ( خەسرەو سمایل) ی کۆمەڵناسیش دەڵێت: جگە لەوەی ئافرەت ئازاد نیە خێزانیش بە هەمان شێوە سەربەست نیە لە هەموو هەڵسووکەوتێکدا بەڵکو کاریگەری کۆمەڵ تەواو بەسەریدا زاڵە، بەڵام هەر بە پێی قسەی (خەسرەو ) ئەمەش لە خێزانێك بۆ خێزانێکی دیکە بە پێی ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری خێزان دەگۆڕێ، (خەسرەو) گوتیشی: بەر لە ئەنجامدانی هەر کارو پیشەیەك وا باشە ئافرەت لە خۆی بپرسێ تا چەند لەگەڵ کەسایەتی ئەو دەگونجێ و کۆمەڵگە قەبوڵی دەکات؟ ئایا باوك و براو خێزانەکەی تا چەند رێی پێدەدەن؟ دەنا بە پێچەوانەوە تووشی بەر یەککەوتن دەبێ و دواجار خۆی باجەکەی دەدات.

- بە بۆچوونی ( بەهزاد محەمەدەمین)یش کارکردن یەکجار زەروورو پێویستە بۆ کەسایەتی مرۆڤ، ئەو دەڵێت: وێڕای حەزی بێ کۆتای مرۆڤ بۆ خۆخەریك کردن لە هەمان کاتدا هەوڵیشدەدا هەڵبژاردنی ئەو کارە بە ویست و ئارەزووی خۆی بێ و لەگەڵ تواناو ئیمکانیاتی بگونجێ، چونکە کارکردن هۆکارێکە بۆ دیاریکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ.

هەر لەو گۆشە نیگایەوە (بەهزاد)ی کۆمەڵناس دەڵێت: لێرەدا گرنگە رێگە بۆ تاکەکان خۆش بکرێ بەپێی ئارەزوویان جۆری کاریان هەڵبژێرن، (بەهزاد) پێی وابوو بەشی زۆری کارو پیشەی ئافرەتانی وڵاتی ئێمە بەهۆی عادات و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دوورن لە ویست و پسپۆڕیان، بەڵکو زۆرینەی ئەوانەی لە پەیمانگاو کۆلیژەکان دەردەچن لە ژێر چەند گوشارو پاڵەپەستۆیەکی کۆمەڵایەتی مومارەسەی پیشەیەکی جیاواز دەکەن لەوەی کە هەوڵیان بۆی داوە، ئەمەیش هەر بەگوتەی ئەو کۆمەڵناسە ئاسەواری یەکجار خەراپ لەسەر کەسایەتی و تواناو بەرهەمی ئافرەت جێدەهێڵێ.

**زۆرن ئەو ئافرەتانەی نەک هەر تەنها ئازادنین لە هەڵبژاردنی پیشەکانیان بەڵکو رێگەی کارکردنیشیان پێنادرێت**

**زۆر گرنگە مرۆڤ بەپێی تواناو ئارەزووی خۆی جۆری پیشەکەی هەڵبژێرێ**

# ئەم تاوانە لە پای چی؟



## کچێك، پاك و بێگەرد، وەك پەڕەی گوڵ

(گوڵاڵە)هێشتا هەڤدە ساڵ تەمەنی بوو، کاتێك چەندین داخوازیکەر داوایان دەکرد، ئەگەر چی دایکی زۆر بە تاسەوە بوو بۆ بە مێردانی بەڵام باوکی دەیگوت: جارێ کچەکەم منداڵەو هی مێردکردن نییە.. ئەو کە ڕۆژ بە ڕۆژ باڵای هەڵیدەداو وەك تازە نەمام گەورە دەبوو بیری لە مێردکردن نەدەکردەوە بۆیە ئەگەر دایکیشی رازی بوو، بەڵام خۆی و باوکی ئەو پڕۆژەیەیان دواخستبوو..(گوڵاڵە) کە دەستە خوشکێکی هەمی شەیی (ئەڤینی )دراوسێیان بوو، چ بەپێی هەڵسەنگاندنی دایك و باوکی و چیش بە قسەکانی (ئەڤین)ی هەمیشە هاودەمییەوە بێ کچێکی روحسووك و گفت و لفت شیرین و راستگۆ و داوێن پاك..(ئەڤین)لە میانی باسکردنی(گوڵاڵە)ی دەستە خوشکی بە ئێمەی گوت: زۆر پێکەوە بووین، خەم و دەردی ئەو هی من و منیش هی ئەو بوو، بە درێژایی پتر لە(١٠)ساڵ هاوسەرێتی ڕۆژێك خەوشێکم لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئەو کچە نەدیت.. ئەو لە تەمەنی هەرزەکاری دابوو، کەچی وەك ژنێکی سەنگین و سەلار وابوو، هەمیشە رقی لە ڕەفتاری نابەجێ و منداڵکارانە بوو... تەمەنێك پێکەوە بووین ئیدی بەڕاستی خۆشەویسترین و پاکترین دەستە خوشکم بوو، بەڵام بەداخم بۆی، کە بێ هودە ژیانی بە فیڕۆ چوو و بن گڵ بوو، بە تایبەتیش کە بەکارەساتێك سەری تیا چوو...

بەر لە گێڕانەوەی خودی کارەساتەکە، توانیم بە هەر ڕێگەیەك بێت لەگەڵ دایکی (گوڵاڵە) دەمودوویەك بکەین و بەسەرهاتەکەی پێ بگێڕینەوە ئەویش دوای ئەوەی رازی بوو بەشێکی بەسەرهاتی جوانە مەرگ بوونی کچەکەیمان بۆ بگێڕێتەوە، بەمشێوەیە باسی ڕووداوی سووتانی کچە تاقانەکەی بۆ کردین و گوتی: من(٣)کوڕ و ئەو تاقە کچەم هەبوو چونکە هەر لە منداڵیەوە وەك گوڵ جوان و ناسك و خوێن شیرین بوو، بۆیە ناومان نا (گوڵاڵە)، ئەم کچەم تازە پێڕادەگەیشت کە داخوازیکەر یەك لەسەر یەك دەهاتن بۆ داوای بەڵام باوکی رازی نەدەبوو، ئەوەبوو کە تەمەنی گەیشتە نزیکەی بیست ساڵان، قیسمەتی دابوو بیدەینە کوڕێك کە مرۆڤێکی ڕێك و پێك و چاوو دڵ تێر بوو، ئەو کوڕە کەهاتە خوازبێنی، باوکی دوای دوو مانگ پرس و راکردن بەم و بەو کە بزانێ کارو کاسبیەکەی، کەسێتییەکەی و ناو بانگی چی و چۆنە، کە لە هەمووی دڵنیابوو، زانی کوڕێکی بێ کەم و کوڕی و بێ خەوشە، رازی بوو، پاش ئەوەی(گوڵاڵە)ش رازی بوو شووی پێبکات ئیدی خوا کردیە قیسمەت ، خواستی.

مێردی (گوڵاڵە)کەناوی (زریان)بوو، لە تەنیشت ماڵی باوکی خانوویەکی خۆی هەبوو، بەر لەوەی ژن بهێنێ کڕی بووی و دایدنابوو تاوەکو ماڵی خۆی بباتە ناوی، ئەوە بوو دوای ئەوەی(گوڵاڵە)ی کچی خواست چوونە ئەم خانووەیان.(گوڵاڵە)جارێ مانگێك بوو گواسترا بۆوە، ڕۆژێکیان کە بە سەردان هاتەوە لامان، گلەیی ئەوەی لا کردم کە خەسووەکەی زۆر بە بۆڵە بۆڵ و بە کێشەیە، ئەگەر ڕۆژێ یەك دوو جارێك زیاتر نەیەتە ماڵمان هەموو ڕۆژێ جارێك هەر دێت، ئینجا کە دێت، جگە لەوەی کە هەمیشە دەڵێ و دەپرسێ، ئەوەت بۆچی کڕیووە، ئەوە چییە هێناوتە، ئەمە چییە لێتناوە، ئیدی نایبڕێتەوە، سەرەڕای ئەمە زۆریش دڵپیس و راڕایە و هەمیشە چاودێریم دەکات..

منیش گوتم کچم لەوانەیە تازە بووك بیت بۆیە وەهایە، لەوانەشە تۆ زۆر هەستیار بیت و شتەکەت گەورە کردبێ، بەڵام گوتی: دایە نەخێر نە هەستیارم و نە گەورەشم کردووە، ڕۆژێك خۆت وەرە لە ماڵمان بمێنەوە ئینجا دەزانی چ باسە.. لەسەر قسەی ئەو و لە بەر ئەوەی تاقە کچمە و لەبەر پەرۆشیم بۆی، ڕۆژێك چوومە ماڵی، ئیدی دوای نیو کاتژمێرێك خەسووی هات... تەنیا دوای چەند خولەکێك دانیشتن دەستیکرد بە پرسیارو خۆ تێهەڵقووتاندنەکانی کە نەك کچەکەم بەڵکو منیش پێی قەڵس و هەراسان بووم، ئیدی لەو ڕۆژەوە تووشی نیگەرانی بووم و لە دڵی خۆمدا گوتم ئەو پیرێژنە شتێك بەسەر کچەکەم دادەهێنێ.. ئەگەر بە خۆشی نەیکات، لە کچەکەم دەشێوێنێ و تووشی بەڵایەکی دەکات...

ئیدی لە ناو فکران ڕاچووم، چۆن ئەم کچە لە تەنگاوکردنەکانی خەسووەکەی رزگار بکەم... ئەوە بوو بە کچەکەم گوت: کچم ماوەیەك دان بە خۆتدا بگرە و ئارام بە، هیچ هەڵەیەك نەکەی و بە هیچ شێوەیەك، چەندیش خەسووت تەنگەتاوی کردی بەرتکی نەدەیتەوە، تا من لە بیری چارەسەرێك دەبم بۆت.

### ئەو ڕۆژەی کارەساتەکە ڕوویدا

پێش ئەوەی هۆی ڕووداوە کارەساتبارەکە بگێڕینەوە با جارێ بزانین چ کارەساتێك بەسەر گوڵاڵەدا هات.. لەوەندە زانیارییەی کە توانیمان بە دەستی بهێنین و لە سەر و ڕۆژی ڕووداوەکە و چۆنییەتی ڕووداوەکە کۆی بکەینەوە، ئەوەیە کە گوایە کاتێك(گوڵاڵە) ئەو ڕۆژە لەگەڵ خەسووی دەبێتە دەمەقاڵەیەکیان، بۆ ئیوارەکەی تووشی سووتان دێت و لە گەرماوی ماڵەوەیان دەبێتە قەرەبرووت... با لە دایکی خۆی بپرسین و بزانین ئەو چۆنی دەگێڕێتەوە؟ دایکی گوڵاڵە دەڵێ: ئیوارەیەکی باراناوی و سارد بوو، تازە دنیا تاریك داهات بوو، کە تەلەفۆن بۆ ماڵەوەمان کرا و یەکێك بە تەلەفۆنەکەی ماڵەوە گوتی: خێراکەن بگەنە ماڵی گوڵاڵەی کچتان تووشی ڕووداوێکی سووتان هاتووە، بەڵکو بەفریای کەون....

ئەوەندە قسەیە بوو کە بە پەلە پرۆژێ و نیگەرانی و سەر و دڵ شێواوی و ڕەنگی پەڕیومانەوە، کە خۆشمان نەمانزانی بە چی و چۆن و کەی گەیشتینە ماڵی(گوڵاڵە)، خۆمان گەیاندێ... بەڵام قوڕبەسەر چ ببینم، دڵم تۆقی و دەموو دەس پێش چاوم تاریك داهات و ڕمبەم لێوەهات و بەربوومەوە، لە هۆش خۆم چووم، ئیتر نەمزانی دواتر چی بووە و چۆن بووە، ئەوەندەم زانی لە نەخۆشخانەم، لەوێ پرسیاری ڕووداوەکەم کرد گوتیان: گوڵاڵە چووتە گەرماوی ماڵی خەسووی کە خۆی بشوات، ئەوەندەی زانی کاتێك دەرگاکەی پێوە داوە، بێ ئەوەی بە سوورجی لە ژوورەوە دایبخات، پرێمزەکە تەقیوە و ئاگرەکە سووتاندوویەتی، ئەویش لە تەنگەتاویان هەر پەلەقاژەی کردووە و دەرگای ژووری گەرماوەکەی بزر کردووە و پاشانیش

■ ئەم ڕووداوەی کە لێرەدا، بە شێوەی ڕیپۆرتاژ یاداشتی دەکەین، ئەگەر چی ماوەیەك پێش ئێستا ڕووی داوە، بەڵام ڕووداوێکی ڕاستەقینەشەو لەیەکێ لە گەڕەکە میللییەکانی ئەم شارە ڕوویدا..■



**دوای ئەو رووداوە کەس و کاری گوڵاڵە نە تەرمەکەیان بردە نەخۆشخانە و نە پۆلیس و دادگاشیان لە رووداوەکە ئاگادار کردەوە**

نەیزانیووە چۆن بیکاتەوە، ئیدی تیایدا مردووە و دەرگاکەشی هەر بۆنەکراوەتەوە...

**حەقیقەتی رووداوەکە چۆن بووە؟**

پاش ئەوەی دایکی گوڵاڵە رووداوەکەی بەمشێوەیە گێڕایەوە، ئینجا درێژەی بە قسەکانی خۆی دا و گوتی: نەمزانی کە ئاخۆ رووداوەکە بەڕاستی ئەوها بووە یان نا، لە رۆژانی پرسە لە ناو ژنان ورتە ورتێك بڵاو بۆوە، منیش بانگی یەکێ لە بووکەکانم کرد و پرسیم ئەو پسکە پسکە چییە هەستی پێدەکەم، ئەویش گوتی:

مامۆژن چت لێبشارمەوە، دەنگۆیەك بڵاوبۆتەوە گوایە، لەبەر ئەوەی رۆژێك (گوڵاڵە) و شوبراکەی بەیەکەوە قسەیان کردووە و گوڵاڵە لە ماڵی خەسووی بووە کە یەکێ لە شووبراکانی پێی گوتووە کەی دێیتەوە ماڵی خۆتان خواردنێکم بۆ ساز بکەی، زۆرم حەز لە دەستاوی تۆیە ئەوشی دەڵێ وا دێم خەسووشی گوێی لەم جۆرە قسانە دەبێت ، بە یەکێ لە کوڕەکانی دەڵێ (گوڵاڵە) و براکەت( ناوی دەهێنێ ) پەیوەندیان هەیە، و دیارە لە ماڵی خۆشیان ژووان دادەنێن، ئەگەر نا شوبراو براژن چۆن وەها لەگەڵ یەك قسە دەکەن و تەبا دەبن؟ ئیدی گوایە کوڕەکەی دەڵێ چ بکەین، خەسووی بەو کوڕەی دەڵێ: لێبگەڕێ ئەمن بە خۆم تەگبیری لێدەکەم، ، پاش چەند هەفتەیەك رۆژێك بە کوڕەکەی دەڵێ ئەورۆ پرێمزی گەرماو هەڵدەکەم و بە(گوڵاڵە)ش دەڵێم وەرە لە ماڵی خۆمان خۆت بشۆ، کە چووە ژوورەوە تۆش دەبەیك نەوتی پێدا بکە ودوور بە دووری نەوت بە پرێمزەکەش دابکەو بۆ ئەوەی گڵپە بکاو بتەقێ، هەتا چاك دەسووتێ ئینجا دەیکەمە قیژە و لە خۆدان و هەڵڵا، تا خەڵك بێت ئاگرەکە بکوژێننەوە، بەو جۆرە لە کۆڵمان دەبێتەوە و کەسیش نازانێ مەسەلە چییە...

دایکی (گوڵاڵە) لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

لە راستیدا باوەڕم بەم قسانە نەکرد، بەڵکو بە قسەی ناو ژنانم دەزانی، ئەگەر نا خەسوو چەندیش خراپ بێت تاوانی وەها قەت ناکات، بۆیە زۆرم دان بە خۆدا گرت و بە بووکەکەشم گوت: کچم بڕوا بەو جۆرە قسانە مەکە، قسەیە و ژنان بۆخۆیان دەیکەن، راستە خەسووەکەی زۆر خراپ بووە لەگەڵی بەڵام ناشتوانێ تاوانی وەها بکات کە سووریش دەزانی (گوڵاڵە) لە گوڵ پاکترە...

**پێشتر گوڵاڵە گلەیی و ناڕەزایی دەربڕی بوو بەرامبەر بە هەڵسوکەوتەکانی خەسووی لەلای دایکی**

**دوا قسە**

لە راستیدا کارەساتی سووتانی (گوڵاڵە)، خۆی لە خۆیدا تراژیدییایەکی ویژدان هەژێن و دڵتەزێنە، بەڵام لەوە دڵتەزێن تر ئەوەیە کە کەس نەیزانی چۆن و بۆچی وەها بەو شێوەیە سەختە سووتاو بووە قەرەبرووت، ئەگەر چی ئەگەری ئەوە هەیە کە خەسووەکەی پیلانی لێگدابێ، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە، کە خۆی بە قەزاو قەدەر، بە تەقینی پرێمزەکە سووتا بێت، لە نێو کێشمەکێشمی هەموو ئەم ئەگەرانە مرۆڤێك بە کارەساتێکی دڵتەزێنی نادیار دەسووتێ... بە بڕوای ئێمە دەبوو هەر چۆنێك بایە هەواڵ بدرابایە پۆلیس و تەرمەکەی بگەیەندرایە نەخۆشخانە.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە ماڵی گوڵاڵە(ئەگەرچی باری دارایشیان باش بووە) لە گەڕەکێکی میللی دابوونە خەڵکانی ئەو جۆرە شوێنانەش زۆر بڕوایان بە نەخۆشخانە و پۆلیس و یاسا و دادگا و ئەو شتانەوە نییە، بۆیە نە تەرمەکەیان برۆدتە نەخۆشخانە، نە ئاگاداری پۆلیسیان کرۆدتەوە کە سووتاوە و مردووە، یەکسەر کفن و دەفنیان کردووە و شاردوویانەتەوە و تازییەیان بۆ داناوە، بۆیە تا ئێستاش کەس تۆمەتبار نەکراو لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە نەکرا، چۆن روویدا هەرواش کۆتایی پێهات و کەسیش، نە خزمانی (گوڵاڵە) و نە مێردی و نە کەسانی نەیانکردە کێشە.

# رووە کۆمەڵایەتییەکەی نەخۆشی پەرکەم یان (ڤێ گرتن- صرع) لە کۆمەڵگادا



ئا: باوکی میدیا

■ نەخۆشییە دەماری و دەروونییەکان هێندە زۆرن لە ژمارە نایان، هەندێکیان مرۆڤ بەسووکی تووشیان دێت، هەندێکیشیان بەتووندی ئینجا هەندێ لەو نەخۆشییانە بە ئاسانی، وەك هەر نەخۆشییەکی تر بە دەرمان چاك دەبن، هەندێکیشیان بە چارەسەری دەرمان و ڕێگاچارە تەکنیکییەکانی وەك کارەبا لێدان، یا شیکردنەوەی دەروونی، یانیش بە نەشتەرگەری ئیدی هەر حاڵەتە و چارەسەری خۆی هەیە، ئەوەش پزیشکی پسپۆڕی تایبەتمەند دیاری دەکات و دەیزانێ، یەکێ لەو نەخۆشییانە نەخۆشی (ڤێ گرتن- صرع) کە هەندێ جار پێشی دەگوترێ (پەرکەم یا خووگرتن) پێشتر ئەو نەخۆشییە لە ناو خەڵکدا نەخۆشییەکی نەناسراو بوو، نیشانەکانیشی وای لەو خەڵکە کردبوو، کە لێی بسرەوێنەوە و بە سەیر وسەمەرە دەهاتە بەرچاو، تەنانەت بۆ کەسی تووشبوو، جگە لە دەردی نەخۆشییەکە خۆی مایەی دەرد و بەڵای کۆمەڵایەتیش بوو بۆی... ئینجا ئەو پرسیارەی کە پێویستە بکرێت ئەوەیە، ئایا بەڕاستی ئەم نەخۆشییە شایەنی ئەوەیە خەڵك شەرمی لێبکات؟ ئایا چارەسەری نییە، یان ئەو کەسەی ئەو نەخۆشییەی هەیە کەسێکی ئاسایی و سروشتی نییە..؟ ■

## بەگرفت بوونی نەخۆشی (فێ)

جاران کەسێك کە(پەرکەمی ) هەبوایە و لە شوێنێکدا نەخۆشییەکەی گرتبا، خەڵك بە سەیروسەمەرەیان دەهاتە پێـــش چاو، لە دەوری کۆ دەبوونـــەوە و چاویان ئەبڵەق دەمـــا و بە ورتە ورتەوە دیقەتیان دەدایێ و لێی رادەمان ئیتر هەر یەکە و لەلای خۆیەوە قسـەیەکی دەکرد، جا یان بەدەســت چاویان دەگرت یان پەڕۆیەکی رەشـیان لەســەردەمووچاوی دادەنا، یانیش عەبایەکی رەشـیان پێدادەدا... زۆربەی هەرە زۆریشیان نە دەیانزانی ئەوە چ نەخۆشییەکە، ئەو مرۆڤە بەستەزمانە بەو شێوەیە بەخۆی و نەخۆشـــییەکەیەوە دەما، هەر کاتێك نۆرەکەی گرتبا، جا بە گوێرەی توندی و ســووکی نەخۆشییەکەی، لەو شوێنە دەیخست، ئیتر لەسەر کار یا لە کاتی نانخواردن، یا لە کاتی نووستن یا هەر کاتێك بایە دەیگرت و دەکەوتە سەر زەوی و هەموو جەستەی دەلەرزی و دەهەژا...

کاك(عەڤداڵ ئەکرەم)ی تەمەنی**٣٩**ســاڵە و وەستا لە ســەمونخایەك، باوکی پەرکەمی هەبووە و تا ساڵانێکی زۆر و دوورو درێژیش نەیانزانیوە چییە و نەشـــیانبردۆتە لای پزیشك...(عەڤداڵ ) بۆ خۆی باسی نەخۆشییەکەی باوکیمان بۆ دەکات و دەڵــێ: ئێمە لەماڵەوە(٥)براین، بەبیرم دێ تەمەنم(١٢-١٣)ســاڵانێك دەبوو، شەوێکی درەنگی هاویــن بوو لەگەڵ بانگکردنی دایکم بە ئاگا هاتم، بینیم دایکم و براکانی دیکەشـم هەموو بەئاگان و خۆیـان بەســەر باوکم داداوە و بەمنیـــش دەڵێن دەی تۆش خۆت بەســەر بابەی دابدە با لێمان راست نەبێتەوە و بەناومان بکەوێت، باوکیشـم پرخە پرخ و مرو هۆڕی بوو، هەموو ئەندامانی لەشــی دەلــەرزی و دەهەژا و لە جوڵەدابوو، دەی منیش وەکو ئەوانیتر خۆم بەســەری دادا ماوەیەکی کەمی پێچـــوو، کە چەند خولێك دەبوو ئینجا هێور بۆوەو وازمان لێهێنا، بەمجۆرە ئەو نەخۆشییە لەگەڵی ماو بــێ ئەوەی بزانین چییــە و چی نییە، پاشـــان دایکم هەندێ جار دەیگـــوت باوکتان پەرکەمی هەیە، چەند جارێك لەسەر ئیش، لەسەر نانخواردن، لەناو خەودا... نەخۆشـــییەکەی دەگرت، نێزیکی(١٠)ساڵان بوو نەخۆشـــییەکەی هەبـــوو بیرمان لــەوە نەدەکردەوە بیبەینە لای پزیشـــکێك، تا رۆژێك ناســـیاوێکمان کە مامۆســـتای ناوەندی بوو، لە ماڵمـــان میوان بوو کە باوکم نەخۆشـــییەکەی گرت، کــە ئێمەی دیت وا لێی ئاڵایین گوتی: با لێی دوور کەونەوە و لەســەر سنگی لاکەون، ئادەی برۆن خاولێیەکم بــۆ بێنن، خاولیەکمان دایە دەستی، ئەویش خســتییە نێوان ددانەکانی، ئینجا قۆپچەی کراسەکانی کردەوە و خستییە سەر تەنیشت، تا بابم نۆرە نەخۆشییەکەی بەریدا.

که بەریــدا پێی گوتیــن بیبەنە لای پزیشــکێکی نەخۆشـــییە دەمارییـــەکان کە بردمانە لای پزیشـــك، لەوێ نەخۆشـــییەکەی گرتەوە، ئیتـــر دکتۆرەکە چەند پشکنینێکی بۆ نووسی و پاش ئەنجامدانیان، دەرمانی بۆ نووســـی و ئێســـتاو ئێســـتاش کە(لەتکـــە حەبێکە دەیخوا)،نەخۆشـــییەکەی نەگرتەوە، بەڕاســـتی کە بە دکتۆرەکەمان گوت باوکمان کە نەخۆشییەکەی دەیگرت، وەهامان لێدەکرد، دکتۆرەکە لە قاقای پێکەنینی داو پێی گوتیـــن بریا کامیرایەکی ڤیدیۆ هەبایە ئەو وەختەی کە واتان دەکرد وێنەتان بگیرابایە.

(ســـەردار)یش نموونەیەکی دیکەی تێنەگەیشـــتنە لەم نەخۆشـــییە ئەو کە هاوســـەرەکەی دووچاری ئەو نەخۆشییە ببوو نەشیدەزانی چییەتی هەمیشە بەقسەی وەك دەڵێن(پڕوپیریژنـــان) دەیبردە ســـەر ئەو گۆڕ و ئەو گۆڕســـتان، ئەو بەو شێوەیە باســـی گرفتەکەی خۆی دەکات و دەڵێ: تازە ژنم هێنابوو، رۆژێکیان هاوسەرەکەم



کە خەریکی ماڵ شووشتن بوو، لەپڕ دانیشت و لەرزی هاتێ، تەنیا هـــەردوو پێی دەلەرزی، ئـــەو لەرزینەی نزیکـــەی خولەکێکـــی خایاند و پاشـــان بەریدا، دوای نەمانی پێ لەرزینی دەیگووت پێیەکانم زۆر دێشن.

چەند رۆژێك ئەو ئێشـــانەی دەما، نەخۆشـــییەکەی

●●●

**بە پێی یاسا ئەگەر ژنێک بەهۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی گوێڕایەڵی پیاوەکەی بێ ئەوا مێردەکەی بۆی نییە داوای گوێڕایەڵی لێبکات**

●●●

●●●

**پیاو ناتوانێ بەهۆی نەخۆشی پەرکەم یان هەر نەخۆشییەکی دیکە ژنەکەی تەڵاق بدات**

●●●

زوو زوو نەدەگرت، دواتر چەند مانگێك هیچ تووشی نەبوو، لەپڕ نیوەڕۆیەك خەریكی خواردن ئامادەكردن بوو، دەنگێكی لێوەهات ئەو كە دانیشتبوو یەكسەر، بەربۆوە و ددانی قرچەقرچی تێكەوت و دەست و پێیەكانی ڕەقبوون و لەو ڕەقبوونە دەلەرزین، منیش سەرم لێشێوابوو نەمدەزانی چی بكەم، ئەو حاڵەی دوو خولەك یا زیاتر دەبوو مایەوە ئینجا بەریدا و كەوتە خەوێكی قووڵ... دوای نزیكەی چوار سەعاتێك لەخەو بەئاگا هات و هیچی لەبیر نەمابوو تەنیا ئەوەندەی دەگوت جەستەم هەموو ژان دەكات، تاوەكو سێ ڕۆژانیش هیلاك و شەكەت دەمایەوە، ئەم حاڵەتەی دوو سالانی خایاند و نەشمدەزانی چی لێبكەم، دایكم دەیگوت كوڕم بیبە سەر فلانە چاك، یەكێكی دیكەش دەیگووت بیبە لای فلانە شێخ...



ئیدی هەر كەسە و قسەیەكی دەكرد و منیش بێ چارە مابوومەوە، ڕۆژێك گووتم دەبا بیبەمە لای پزیشكێكی دەمار و بەڵكو نەخۆشییەكەی دەستنیشان بكرێت، ئەوە بوو دوای ئەوەی بردمە لای پزشكێكی پسپۆر، ئەویش دوای پشكنینێكی ورد گوتی هیچ نیگەران مەبە، خێزانەكەت نەخۆشی پەركەمی هەیە و جۆرەكەشی زۆر توند نییە باشە، تەنیا بە دەرمانیش چاك دەبێ و دوای دووساڵ لە وەرگرتنی چارەسەری بەردەوام و بێ پچڕان، ئەگەر لەو ماوەیەشدا هیچ نۆرەیەكی تری نەگرت ئیتر بۆ یەكجاری چاك دەبێتەوە و پێویستی بە بەكارهێنانی دەرمانیش نابێ.

(یونس) پیاوێكی سس ساڵەیە و ژنەكەی پەركەمی گرتووە، دوای ماوەیەك(یونس) شەرم لە خۆی دەكات كاتێك خەڵك دەبینێ پێی دەڵێن ئەو ژنە پەركەم دارەت بۆ چییە بۆ ناچی ژنێكی تر بێنی، ئەویش دەچێتە دادگا و داوایەك بەرز دەكاتەوە بۆ دادگا و دەڵێ ژنەكەم(ڤێی ) لێ دێتێ و شێتە، ناتوانم لەگەڵی بژیم دەمەوێ تەڵاقی بدەم، داوا لە دادگا دەكەم كۆتای بەم هاوسەرێتییەمان بێنێت.

**پیاوێك بەهۆی تووشبوونی ژنەكەی بەو نەخۆشییە داوای تەڵاق لە دادگا دەكات**

### یاسا و نەخۆشی پەركەم و مافەكانی ئافرەت

یاسای باری كەسی بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ باسی لەم بابەتە كردووە، بەڵام ڕاستەوخۆ باسی نەخۆشی پەركەمی نەكردووە، جا ئەو پرسیارەی كە گرنگە لێرەدا بكرێ ئەوەیە ئایا یاسا بەرگری لە وجودی ئینسانی و مافەكانی ژنێكی بەمێرد دەكات ئەگەر نەخۆشی پەركەمی هەبێت؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پارێزەری بەڕێز(موسا عوسمان قەساب) بەمشێوەیەی خوارەو، بابەتەكەی لە ڕووی یاساییەوە ڕوونكردەوە و گوتی: لە ڕاستیدا ئەگەر تەماشای یاسای باری كەسی عێراق ژ:١٨٨ی ساڵی١٩٥٩بكەین، دەبینین بەشێوەیەكی ڕوون و ئاشكرا بەرگری لە ئافرەت وەك مرۆڤێك دەكات، با بۆنموونە هەندێ مادده بەدیاریكراوی بهێنینەوە، لە مادده(٢٥)دا، لەسەر ئەو ژنەی كە نەخۆشییەكی هەبێ و بەهۆی ئەو نەخۆشییەوەی نەتوانێت گوێڕایەڵی پیاوەكەی بێت، مێرد بۆی نییە داوای گوێڕایەڵی(واتە مطاوعة) لە ژنەكەی بكات و هیچ كاتێكیش ژنەكە بە ناچیزە( واتە ناشزة) دانانرێت بەهۆی ئەو جۆرە گوێڕایەڵ نەبوونەیەوە...

**لە یاسای باری كەسی عێراقیدا بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ باسی لەو نەخۆشییە كراوە**

یا با ڕوونتر قسە بكەین مێرد ناتوانێ ئەو ژنەی تەڵاق بدات، بە هەنجەتی ئەوەی كە نەخۆشییەكی هەیە(وەكو نەخۆشی پەركەم) و گوێڕایەڵی نابێت..

لە بڕگە(٢) لە مادده (٢٤)ی هەمان یاساش، میكانیزمێكی تر دانراوە بۆ پارێزگاریكردن لە ژنێك كە نەخۆشی هەیە و ئەو داراییەی نییە بتوانێ خەرجییەكانی چارەسەركردن لە ئەستۆ بگرێت، بۆیە بەپێی ئەم ماددەیە دادگا لەسەر پیاو دەسەپێنێت كە خەرجی چارەسەركردن بۆ ژنە نەخۆشەكەی دابین بكات لەو بژێوییەی كە بۆ ژنەكە دەبڕێتەوە و... بێگومان دادگای تەمیز بڕیاری بنبڕی لەو لایەنەوە هەیە كە هەمووی پاراستنی مافەكانی ژنی نەخۆشە، جا ئەو نەخۆشییە پەركەم بێ یا هی تر.



# ل زانكۆيا دهۆكێ ديوارەك

ر: ئەمیر محەمەد ئەتروشی
دهۆك

دژيانێ دا مرۆڤ ب رێكا گەلەك پەيوەنديان دژيت، ئێك ژوان پەيوەنديان هەڤالينيە، ئەڤجار هەڤالينی دگەل تشتێ بێ گيان بيت يان يێ گياندار، وهەڤالينی دگەل ئێك رەگەز ودگەل رەگەزێ جودا دهێتە گورێ، هەڤالينيا رەگەزێ هەڤدژ يان كچ دگەل كوری وبەروڤاژی تامەكا جودا ژ ژيانا مرۆڤی دئينيت، نەخاسم ئەگەر مرۆڤ ب دروستی رامانا وێ پەيوەنديێ بزانيت، وئێكجار دناڤ زانكۆيێ دا كو قۆناغەكا گەلەك نازكە دژيانا مرۆڤی دا ولسەر هەر كەسەكی پێدڤی یی مافێ وێ بدەتێ، وئەو پەياما ددەستێ ويدا هەی د زانكۆيێ دا بگەهينيت، ئايا دزانكۆيا دهۆكێ دا قوتابی شياينە ئەو شانێ لسەر ملێ خۆ جێبەجێ بكەن؟ تا چ رادە پەيوەندی دناڤبەرا هەردوو رەگەزان دا دخورتن؟ چ كارتێكرن لسەر قوتابيان هەنە كو نەشياينە پەيوەنديێن خۆ يێن هەڤالينييچ خورت بكەنەڤە؟ ئەڤ پرسيارە وچەندين پرسيارێن دی دێ تەوەرەكێ باش ژراپۆرتا مە ڤەگريت ئەوا مە دناخێ زانكۆيا دهۆكێ دا بەرهەڤكری و بۆچوونێن چەندين قوتابيان ومامۆستايان وەرگرتين...

ل دەسپێكێ ئەم چووينە كوليژا ئادابێ ومە خۆ گەهاندە قوتابييێ كوليژێ ل بەشێ كوردی (حەمو محەمەد)، ومە ژێ پرسی ئەرێ تو وەك قوتابيەك چەوان ڤان پەيوەندی يا دهەلسەنگينی؟ بەرسڤدا وگۆت: (دجڤاكی مەدا ب گشتی هەڤالينيا كچ وكوران تا رادەكی يا لاوازە ئەو ژی ژبەر چەند ئەگەران وەك كارتێكرنا داب ونەريتان، ئايينی، ترسا وان بخۆ ژ هەڤ..هتد. ديسان دزانكۆيێ دا وەكی ئەز دبينم پەيوەنديێن كچ وكوران دلاوازن وئەگەرێ ڤێ لاوازيێ ژی هەر ئەو بخۆنە، ئانكو دشێم بێژم نەبوونا كەساتيەكا بهێزە، نەبوونا ئاستەكێ رەوشەنبيری يێ بەرز، نەبوونا ئارمانجەكا پيرۆز ژوێ هەڤالينيێ، تێك نەگەهشتن..هتد. ئەگەر چ زانكۆ وەك يەكەكا هەرە بەرزا ئاڤاكرنا مرۆڤانە ژلايێ زانستی ومێشكی وجڤاكی وو. ڤە دهێهە هژمارتن، لێ ئەڤ چەندە تا نها دزانكۆيا مەدا ب دروستی جهێ خۆ نەگرتيە وب تايبەت ژلايێ پەيوەنديێن جڤاكی ڤە ونەخاسم يێن كچ وكوران).

پاشی ئێكسەر مە خۆ گەهاندە قوتابيەكا كچ ل پشكا مێژوو ب ناڤێ وارين، ومە ژێ پرسی تو وەك كچەك چەوا تەماشەيی پەيوەنديێن هەڤالينيی دكەی، دبێژيت: (سەرەدەری وهەڤالينی هەستەكە دگەل هەبوونا مرۆڤی دژيت، پێويستە ڤی هەستی دروست ب كاربينين دهەمی دەمان دا، ورامانا وێ دروست تێبگەهين، چونكی هەڤالينی وسەرەدەری مرۆڤی فێری رەوشەنبيريەت و زانستێ وداب ونەريتان ورەوشتێن جۆراو جۆر دكەت، نەخاسم هەڤالينا رەگەزێ هەڤدژ. ئەگەر بهێين پێداچوونەكێ دجڤاكێ مەيێ كوردی دا بكەين كا ب چ چاڤ تەماشەی هەڤالينيا كچ وكوران دبوون نەخاسم دناڤ زانكۆيێ دا، دبيت دناڤ پێلێن وێ دا بەرزەببين، چونكی هندەك جارا جڤاكێ مە ڤێ پەيوەنديێ بديتنەكا نەرێنی ل قەلەم ددەت، ب ديتنا من: مە كچ وكوران پەيوەنديەكا باش دگەل هەڤ هەيە لێ هندەك جارا ئەڤ پەيوەندی يە ب شاشی ونەرێنی بۆ كچێ دزڤريت، وقوتابی پرۆپاكندا ددەنە قوتابيان وئاخفتنێن نەوەيی بدويف ڤە دنن. لەوما ئەم وەك كچ نەشياينە وی ئەركێ هەڤالينيێ يێ دروست لسەر ملێن خۆ راكەين).

قوتابيەكی كوليژا پەروەردی ب ناڤێ (ئازاد يوسف نسری) مە ژ بۆچوونا خۆ بێ بەرهرناكەت لدەمێ دبێژيت (لدويف بۆچوونا من پەيوەنديێن كور وكچان ل زانكۆيێ نە ل ئاستێ پێدڤی نە، ئانكو ئەز دشێم بێژم تا رادەكی دلاوازن ونە گەلەك دخۆرتن، بێ گومان ئەڤ لاوازيە ژی بۆ كۆمەكا هۆكارا دزڤريت، كو ب شێوەكێ گشتی كارتێكرنێ دكەنە سەر پرۆسێسا پێشكەفتن وخورتبوون وب هێزبوونا پەيوەنديان، ژوانا: عەشيرەتگەری، ئايين، جڤاك، وكور وكچ بخۆ.. وفاكتەرێ



# د ناڤبەرا کوڕ و کچاندا

ژهەمیان گرنگتر کو کارتێکرنێ دلاوازیا سەرەدەریا پەیوەندیان دا دکەت، نەبوونا هونەرێ سەرەدەرییێ لدەف قوتابیێن زانکۆیی، کو براستی ئەڤە هوکارەکێ گەلەکێ کاریگەرە لسەر ڤێ چەندێ، بەلێ ئەڤە وێ چەندێ ناگەهینیت کو پەیوەندی زۆر دلاوازن، چونکی پەیوەندی پێت هەین، بەلێ دلاوازن، وئەز ژی گەشبینم کو رۆژ بۆرۆژێ پێ بەرەف خورتبوونێ ڤە دچن، وهندەك هێلێن سۆر پێت هێنەبەزاندن).

قوتابیا کچ (چیا عەلی محەمەد) ژ بەشێ ئینگلیزی وخەلکا دەڤەرا سلێمانییێ بۆچوونەکا جیاواز ژ هەڤالێن خۆ ددەتەمە ل دەمێ دبێژیت (ئەتوانێم بلێم ئەمە پرسیارێکە کە وەڵەمەکەی بەپێ ی سایکۆلۆجیەتی کەسەکان لەڕوویی پەیوەندی یە کۆمەلایەتی یاکەنەوە، واتا کەسەکان بۆ خۆیان لە هەڵبژاردنی هەر کەسێ کو خۆیان بیانەوێ، ئەمەش زۆرجار کەسانێن ئختیار دەکرێ کە شێوازی رەفتار وکۆمەلی ئەدگار وسیمای کەسایەتی لە کەسایەتی تر وەنزیك بێ بۆیە ناتوانێن بلێین کو پەیوەندی نێوان کچ وکور لە زانکۆیەکە وە بۆ زانکۆیەکێ تر یا خود ل شوێنەکەوە بۆ شوێنەکی تر جیاوازە، بەلام ئەوەی من تێبینی دەکەم لێرە پەیوەندی نێوان کچ وکور بە شێوەکێ لە زانکۆکانی تر بەدی دەکرێ ئەمەش لەوانەیە بە هۆی ئەو هوکارەی سەرەدەری کە باشمان کرد یا خود کلتوریش رۆیێ خۆی دەبینی).

دیسان قوتابیەکا دی یا کچ بناڤێ (ئامینە) نەیا گەشبین بوویە لسەر هەبوونا پەیوەندیان دزانکۆیا دهۆکێ دا ودبێژیت (راستی مرۆڤ دزانکۆیا دهۆکێ دا خۆ نەوێریت دگەل برایێ خۆ ژی دانیشیت یا پەیاسەکێ دگەل بکەت، چونکی دێ چاڤێت قوتابیا وەکی ناعورێ لدۆر مرۆڤی زڤرن، وهزار وئێك پرۆپاکندا بدویف مرۆڤی ڤەنن، خوزی رۆژەك هاتبا مە دزانکۆیا دهۆکێ دا ب نیڤا دلێ خۆ هەڤالینی کربایە و چ قەید زنجیر لسەر مە نەبانە داکو ئەم شیابایین وی ئەرکێ لسەر شانێ خۆ راکەین).

بۆ پتر ئازراندنا ڤی بابەتی مە خۆ گەهاندە قوتابیەکا دەرچوویا زانکۆیا دهۆکێ ب ناڤێ (شەیما عەبدوولڵا) کو پارسال ژ زانکۆییێ دەرچوویە ودبێژیت: (من چوار سال دزانکۆیێ دا بووراندن، بەس ئەز شیام پەیاما خۆ بگەهینم، من چ جارا پویتە ب گوتگوتك و داب ونەریت و سیستەمێ عەشیرەتگەری نەدکر، هەر تشتەکێ دلێ من دخواست من دکر، من هەڤالینیا کورکا ب شێوەکێ نورمال دکر ومن بەشداری دبزاڤ وچالاکیان دا دکر مینا ئاهەنگێن هەڤنیاسینێ، راستە گەلەك جارا ب خرابی بەحسی مە دکر و ئاخفتنێن نەوەیی بدویڤ کچان ڤە دنان لێ من ب چڤە نەوەردگرت، لێ دسەر هندێرا ئەز شیام کەساتیا خۆ ب پارێزم و خواندنا خۆ ب سەرکەفتیانە ب داوی بینم).

موعیدێ زانکۆییێ (کاروان عبدالعزیز) ل کولیژا ئادابێ بۆچوونا خۆ دناڤ بۆچوونێن قوتابیان وەردکەت ودبێژت (وەکو ئەم دزانین زانکۆ جهێ گوهۆرینێ یە دهەر جڤاکەکی دا، لێ هێشتا قوتابیێ مە نەشیایە وان هزرێن بەرتەنگ وداب ونەرتێن بەری هزار سالا هاتینە وجودی بشکێنن، نەخاسم پەیوەندیا دناڤبەرا کور وکچان دا، ئەڤ چەندە ژی دزڤریت ژبەر وان تشتێن قوتابی ژدەیك وباێن خۆ وەرگرتین، وبۆمە کرینە هێلێن سور، وئەگەر کچ وکور پێکڤە دانیشتن دێ بنە بەنیشتێ دەڤێ قوتابیان وهەر ئێك ژلایێ خۆڤە دێ پرۆپاکندا بدیڤ ڤەنن، لێ بدیتنا من ئەو کور وکچێن دگەهنە قوناغێن زانکۆییێ دتێگەهشتی نە ودڤێت وان هێلێت سور ب بژکینن، چونکی زانکۆ نە بتنێ جهێ خواندنێ یە بەلکو جهێ چێکرنا پەیوەندییێن جڤاکی وخێزانی یە).

●●●
نەبوونا ئاستەکێ رەوشەنبیری یێ بەرز، نەبوونا ئارمانجەکا پیرۆز ژوێ هەڤالینیێ، تێک نەگەهشتن، ئەگەرێن لاوازیا پەیوەندیا نە ل زانکۆیا دهۆک
●●●

●●●
هندەک جارا جڤاکێ مە پەیوەندیا کچ وکوران بدیتنەکا نەرێنی ل قەلەم ددەت
●●●

●●●
ئەز یێ گەشبینم کو رۆژ بۆرۆژێ پەیوەندی یێ بەرەف خورتبوونێ ڤە دچن، وهندەک هێلێن سۆر پێت هێنە بەزاندن
●●●

●●●
راستی مرۆڤ دزانکۆیا دهۆکێ دا خۆ نەوێریت دگەل برایێ خۆ ژی دانیشیت یا پەیاسەکێ دگەل بکەت
●●●